# ئەریٚ ( قورئان ) لەناوەڕاستی نەوەدەکانـــدا دابەزیوە ؟؟

دلێر هەڵەبجەیی

ئەوەی لە دانپیادانانەکانی گروپەکەی ( شێخ زانا ) ،ی سەرلێشێواوەوە دەرکەوت و لەبیر چوو کە وەك چەندین بەشی تر بیچڕێنرێ و پێشکەش بە جەماوەری حەپەساوی کورد نە کرێت ،ئەوە بوو کە ئەمانە لەناوەڕاست ی نەوەدەکانەوە خەریکی ئەم کارە قێزەونە بوون ، کە یەکانگیر نییە لەگەڵ هیچ یاساو بەرنامەیەکی نە ئاسمانی و نەسەر زەمینی ، جگە لە گەلاڵەبونــی چەندین تێبینی تر نەك هەر لای من بەڵـکو لای زۆربەی ئەوانەی کە بینەری ئەو بەرنامە پارچە پارچەکراوە بوون کەبەناوی ( تیرۆر وەك خۆی ) وە پێشکەش کرا ، کە هەر لەو جەستە بەریئانە دەچوو کە بەدەست گروپەکەی ( زانا ) بەناهەق پارچە پارچە کران.

دوای پێشکەش کردنی بەرنامەکەو ، دزەکردنی هەندێك ڕاستی تر بۆناو هاوڵاتیان، چەند پرسیارێك داوای وەڵام دەکەن ، هەروەك ( زانا ) و هاوکردەکانی وتیان ،دوای ئەوەی کە ئەو کەسە بیٚ گوناهانە بەوودەستە گوناهبارانە سەریان لەلاشە جودا دەکرا ، پارچە پارچەدەکران و دەکرانە کیسەو عەلاگەوە ( تەنها ) دەدرا بە ( زانا ) کە دوریان بخاتەوە بۆ شوێنێکی نادیار ،ئایا بۆ تەنها ئەو ؟ ئایا،ئەمە مەسەلەی گرتنی مارو دووپشکە و تەنها کاکە شێخ ئیجازەی هەیە ؟

هەروەك دەبیسترێ ( زانا ) ، لەووەزراەتی ناوخۆ ی سەربەدەسەڵاتی پارتی دەست ڕۆشتو بووە ، جا ئێمە دەپرسین ئایا ( زانا ) هێندە زانا بووە کە بۆماوەی دە دانە ساڵ ئەو کارانەی بەنهێنی کردووە کەسێك ، خێرخوازێك دەرکی پیٚ نەکردوە ،یان دام و دەزگای حکومەت هێندە لاوازو بیٚ سەلیقە بوون یان شتی تر ؟؟

عەرەب گوتەنی ( اذا كنت لاتدري فتلك مصيبة ، واذا كنت تدري فاالمصيبة أعظم ) ، خوا بکات نەزان بین و بەلاکە گەورەترنەبێت ،بەزانینمان .

لێرەوە دەمەوێت بچمە ناو باسەکە، کە هەندێك کەس دەت وت هەنگیان لەقرۆڵی داردا دۆزیوەتەوە ،دوای ئاشکرا بونی ئەم باندە ، قۆڵیان لیٚ هەڵماڵی و کەوتنە نوسین لەسەر ئیسلام ،بەجۆرێك وەك بڵێی کە ( قورئان ) لەناوەڕاستی نەوەدەکان و هاوکات لەگەڵ نیەتی پیسی ( شێخ زانا ) هاتوەتە خوارەوە . ،دەنا ئەوەی لەم درندانە وەشایەوە بەدرێژایی 1400 ساڵی مێژوی ئیسلام ،لەسەر دەستی سادەترین کەسی موسڵمان نەخوڵقاوە .یان هەموو ڕێگەکان بۆ ناشرین کردنی ئیسلام شکستیان هێناوە ،ئێستا لەسایەی عەولەمەو مۆدێرنەدا پەنا بۆ تیرۆرو تۆقاندنی مۆدێرن دەبرێت بۆ هەمان مەرام ؟

کامە دەق لەسەرچاوەکانی ئیسلام ، پێمان دەڵێ کە مەی بخۆینەوەو نێربازی و کاری سێکسی بکەین تاوەکو لەخودا زیاتر نزیك ببینەوە ، قورئان وەك دەق نوسراوەو بڕاوەتەوە ، بۆیە دەبێت کردەی ئەو کەسانەی کە بانگەشەی موسڵمانی خۆیان دەکەن بە دەقەکان بپێورێت نەك بە پێچەوانەوە دادگایی ئیسلام بە سەر لێشێواوی چەند کەسێکی نەفام بکرێت..
نکوڵی لەوە ناکرێت کە ئاین بەکار دەهێنرێت وەك ئامرازێك بۆ لەخشتە بردنی کەسانی سادە ،بەڵام ئەوە نەزانینی ئێمەیە کە جیاوای ناکەین لەنێوان ویستی ئیسلام و ئارەزوی مرۆڤەکان.
( سەلام عبدولا ) دێت وبەچاوێلکەیەکی سێکسیانە دەقەکانی قورئان ڕاڤەدەکات و ،دەیەوێت وا تەڵقینمان بدات کە ئەوە قورئانە هانی ( زانا ) ی داوە کە کاری نێربازی و مەی خواردنەوە ئەنجام بدات ، وەك ئەوەی خوا تەفسیری قورئانی بڕی بێت بیخوێنینەوە ،ئەمەی کاك سـلام نەبێت !
قورئانێك کەسەرەتایی ترین هەنگاوی بەرەو کاری سێکسی نامەشروع ( لەدەرەوەی بازنەی هاوسەری ) ی تحریم کرد بێت ،بەکام بیانو ئەمەی ( شێخ زانا ) ی قەبوڵە؟ کە بەدەقێکی بڕاوە خواردنەوەی مەی قەدەغە کرابێت چۆن بەم سەرخۆشی و بێ هۆشیەی زانا دەوترێت ئـامین ؟!
( مەنسوری هەلاج ) یش دێت و دەڵێت ،( هەموو مرۆ کوژو تیرۆریست و تەقینەوەیەك موسڵمانێکەو ..... ) ، ئەگەر خودی ئەم چەند دێڕە لەخزمەتی تیرۆردا نەبێ و لوتکەی تیرۆری نەگرتبێ هیچی تر نیە .
بۆ دەبێ زۆر بەبێ ئینسافانە هێرش بکرێتە سەر ئاین و مزگەوتی کورد کە چەندین سەرکردەی وەك ( شێخ محمود و شێخ سەعیدی پیران و قازی محمد ) ی پێشکەش بە کورد کردوە ؟ ئایا ئەمە تیرۆری دەرون و فیکری تاکە تاکەی خەڵکی کورد نیە ؟
کاك ( مەنسور ) لەدوجێگەی تردا ئاماژە بەیەك بەسەرهات دەدات ئەویش ( بەگوتەی کاك مەنسور ) ،خنکاندنی دوومنداڵە بەدەستی باوەژنە گەیان کە ئەندامێکی یەکگرتوی ئیسلامیە ، من وەك ئاگادارێك لەو مەسەلەیە و ، وەك هیچی ترنا ئەوەدەڵێم ،کە وردو درشتی خەڵکی( سلێمانی ) ، ئەوەیان بۆ رون بووەوە کەئەم ئافرەتە هیچ پەیوەندیەکی بە پارتی ناوبراوەوە نەبووە ، ئەو بانگەشەیە لەوکاتەدا تەنها بۆ ناوزڕاندنی ئیسلامیەکان بوو هیچی تر .
من بۆ کاك ( مەنسور ) و هەمو خوێنەران ، دوو ئایەت لەقورئان بەنمونە دێنم کەباس لەتێڕوانینی ئیسلام دەکات بۆ مرۆڤ ، بەگشتی نەك تەنها بۆ کەسێکی موسڵمان ، دیارە کەمن نامەوێت ئەسلەمەی کەس بکەم یان ئاو لە دنگــدا بکوتم ،

قورئان دەفەروێت ( ولقـــد كرَّمنا بنـــي آدم .. ) ، (( ئێمە ڕێزمان گرتوە لەهەموو مرۆڤەكان ،بەبێ جیاوازی )) ،
هەروەها دەفەرموێت ( من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا ) .
ئیتر دوای ئەم دوو ئایەتە و هەموو ئایەتە هاوماناكانی تر ،هەركەسێك بێڕێزی و بێ نرخی بەمرۆڤەكان بكات ،لەژێر هەرناوو پەردەیەكدا بێت ، شێخ بێت یان حاجی ،وەزیر بێت یان گزیر ئەوە فـڕی بەئیسلامەوە نیەو پێویست ناكات چی تـــر ئیسلام بكەینە قەفەزی تاوانەوە لەسەر كردەی مرۆڤەنەخۆشەكان .
وە باچیتر دەهۆڵی ئەوە لێنەدەین كە بەداخستنی مزگەوتەكان و دڕاندنی قورئانەكان كوردستانی كاول بوو بەهەمـــوو شـەڕە ناوخۆ یەك لەدوا یەكەكـان و ،گەندەڵیە بـێ سنـورەكان و تیرۆرە فیكـریەكان ، دەبـێـتە شـــامـــی شـەریف .چونكە كەم تا زۆر ئەم ئۆپشنەش پیادە كرا بەلام كێشـەكە گرژ تركرا وەك لەچارەسەر .

**دلێر هەڵەبجەیی**
halabja@gmail.com